# ئەنفال و وێنە دووبارەکانی

**بارام سوبحی**

لەماوەی نۆزدە ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵات و ڕاگەیاندنی کوردی یەك وێنەی بۆ ئەنفال بەرهەم هێناوە، ئەویش پیشاندانی وێنەی ئەو ژنە ڕەشپۆشانەی کە لەخانووە قوڕو وێرانەکانی گەرمیاندا ڕۆژانە لەگەڵ غەمەکانیاندا دەژین، ئەو ژنانە دەهێنرێن و چیرۆکەکانی تۆپزاوەو دبس و نوگرە سەلمان دەگێڕنەوە. باس لەچیرۆکە تاوانکارییەکانی جەلادەکانی ئەنفال دەکەن. لەبەرامبەردا بەڵێنی بەرپرسانیش بە بەدادگا گەیاندنی بکەرانی ئەنفال و خزمەتکردنی قوربانیەکانە، بەڵام لەبیستەم ساڵیادی ئەنفالدا بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوە دەبینین.

پاش بیست ساڵ لەئەنفال دەبینین، گەرمیان (بەتایبەتی شۆڕش و ڕزگاری) هەر وێرانەیە، لەکاتێکدا ئەم قسەیە دەکەین بەشێك لەواعیزەکانی دەسەڵات دێنە دەنگ و دەڵێن ئەوە نیە ئاوەڕۆمان بۆ ئەو گەڕەکە کردوە، بۆری بێ ئاومان بۆ فلانە گەڕەکە ڕاکێشاوە، وەکو ئەوەی هەزاران مرۆڤ تەنها کێشەیان نەبوونی ئاوو ئاوەڕۆ بێت. ئەگەر گوزەرێکی خێرا بەشۆڕش و ڕزگاریدا بکەین ئێستاش بۆنی مەرگ دەکەین و هەست بەبێزاری ژیان دەکەین لەلایەن سەدان مرۆڤەوە کەڕۆژانە بەسەر ئەم خاکەدا گوزەر دەکەن، خاکێك کە ڕۆژانە هەزاران دۆلاری لەسەر دەخورێت لەلایەن چینێکەوە، کە دەسەڵات و ئابوری ئەم وڵاتەیان کۆنترۆڵکردوە لەسەر حسابی ئەو کەسانەی ڕۆژێك لەڕۆژان خزمەتیان کردون، بەتایبەتی ئەوکاتەی لەشاخ بوون.

لە٢٠٠٨دا، ئەوەی دەیبینین بێهەستی سەرکردەکانی کوردە بەرامبەر تاوانبارانی ئەنفال، بەجۆرێك تائێستاش لەلایەن هەندێك سەرکردەوە لەپێناوی کۆمەڵێك هاوکێشەی سیاسی ناوعێراق و ئەو پرۆسە بێناوەڕۆکەی بە"ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی" ناودەبرێت، بەرگری لەوکەسانە دەکات کە لە بەرامبەر دادگادا زۆر بەجورئەتەوە دەیانوت

ئێستاش ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت هەمان کار دووبارە دەکەینەوە، کەچی سەرکردەکانی عێراق دەیانەوێت ناسنامەی بێتاوانی ببەخشنە ئەو کەسانە!

لەلایەکی دیکەوە دەبێت ڕەخنەش ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و حکومەت بکەین، چونکە ماوەی چەندین ساڵە هیچ کام لەو بەڕێزانە لوتفیان نەفەرموە بێنە گەرمیان و لەماڵی ژنە ئەنفالێکی ڕەشپۆشی جەرگ سوتاو قومێك ئاوو بخۆنەوەو ساتێك لەگەڵ ئازارەکانیاندا بژێن، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بزانن ئازاری جەرگ سوتان چۆنە.

هەرچەندە تائێستا هیچ ئاماژەیەك نیە بەوەی ئەمساڵیش یادی ئەنفال لەساڵانی ڕابردو جیاوازتر بێت. بەڵام خولاسەی کەلام ئەوەیە هەنووکەو پاش بیست ساڵ لەئەنفال، پێویستمان بەوەیە فێری وانەکانی ژیاندۆستی بکرێین، لەبری پیشاندانی وێنەی ژنە ڕەشپۆشەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، پێویستمان بەپارکێکی گەورەو پەیامێکی ژیاندۆستانەو هەوڵێکی ئاوەدانکارانەو پرۆژە گەلێکی خزمەتگوزاریانە هەیە. بۆ ئەوەی تێبگەین چیدی ئەنفال ناکرێتە مەیدانێك بۆ نمایشی مەزڵومیەتی میللەتێك و کەناڵێکی دیکەی بازرگانی.

پێویستە هەمووومان بێز لەو یادە دووبارانەی ساڵانی ڕابردوو بکەینەوە، بەهەموو لایەکیش هەوڵبدەین بۆ ئەوەی یادی ئەنفال بکەینە دەرفەتێك بۆ ژیان و حەزکردن بەژیان، نەوەکو لەو ڕۆژەدا تەنها غەم و فرمێسك بەرۆکمان بگرێت، ئەگەرنا ئەوە دەبێت سەرجەم پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال دژی وێنە دووبارەکانی یادی ئەنفال بن. ڕێگەش نەدەن بازرگانی بەئازارو قوربانیەکانی ئەنفالەوە بکرێت.